بسم الله الرحمن الرحيم

# وەقـــايعی كــوردستان

رۆژنامـەی ڕەسمیی حكـومەتی هەرێمی كوردسـتانە / وەزارەتــی داد دەری دەكــات

ژمـارە (٧١)   ســاڵی حەوتەم   ٢٠٠٧/٧/٢٩ ی زاینــی   (٧) ی خەرمانــان٢٧٠٧ ی كــوردی   (١٥)ی ڕەجـەب ١٤٢٨ ی كـۆچی

لەم ژمــارەیــەدا :

71


✯ یـاســای ژمــارە﴿ ١١﴾ ی ســاڵی ٢٠٠٧ ١

پاشكۆی یاســای داواكاری گشتی ژمـارە(١٥٩)ی سـاڵی ١٩٧٩ لـــە هەرێمی كــوردستان ـ عێراق.

✯ یاسای ژمارە﴿ ٢٠﴾ ی ساڵی ٢٠٠٧ ٣

یـاســای بوودجـەی هـەرێــمی كـوردستـــان ـ عێــراق بۆمــاوەی ٢٠٠٧/١/١ تـــاكو ٢٠٠٧/١٢/٣١ .

✯ پەیـڕەوی نـاوخۆی كـۆمەڵـەی نـمای لاوانی كـوردستان ٦


ئـــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كـــــــوردستان

www.mojkurdistan.com

http//:dad4kurdistan.com
E-mail: waqaea@yahoo.com

ناونیشـان: هـەولێر باڵەخـانەی وەزارەتی داد.

☎ ( ٢٢٤٥٥١٤ - ٢٢٤٥٥٠٧ - ٢٢٤٥٥٠٨)

بسم الله الرحمن الرحيم

# وقــائع كــوردستـان

الجريـدة الرسـمية لحكـومة أقليم كوردسـتان العـراق – تصـدرها وزارة العـدل

| العـــدد ( ٧١ ) | السـنـة السابعة | ٢٠٠٧/٧/٢٩م | ( ٧ ) خەرمانـان ٢٧٠٧ ك | ( ١٥ ) رجـب ١٤٢٨ هـ |
|---|---|---|---|---|

## في هـذا العـدد :

✡ قـانـون رقـم ﴿ ١١ ﴾ لسـنـة ٢٠٠٧ ٩

قانون ملحق قانون الإدعاء العام .

✡ قـانـون رقـم ( ٢٠ ) لسـنـة ٢٠٠٧ ١١

قـانون موازنـة اقلـيم كوردسـتان - العـراق للفـترة مـن ٢٠٠٧/١/١ لغايـة ٢٠٠٧/١٢/٣١

http//:dad4kurdistan.com
E-mail: waqaea@yahoo.com

اربيل – بناية وزارة العدل.
☎ ( ٢٢٤٥٥١٤ - ٢٢٤٥٥٠٧ - ٢٢٤٥٥٠٨)

بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

**هەرێمی كوردستانی عێـراق**
**سـەرۆكایەتی هەرێـم**
**سـەرۆك**

## بە نـاوی گەلـەوە

## بڕیـــار

## ژمارە ( ٢٤ ) ساڵی ٢٠٠٧

## یاسای پاشـكۆی یاسای داواكاری گشـتی

بـە پێی ئـەو دەسـەڵاتەی لـە بـڕگـەی (١)ی ماددەی (١٠)ی (یاسـای سـەرۆكایەتی هـەرێمی كوردستان – عێـراق)ی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەمواركراو پێمان دراوەو، بە پاڵپشتی ئەو یاساكارییەی ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان – عێراق كردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (٢٩) لە ٢٠٠٧/٦/٢٧ بریارمانـدا بە دەركـردنی:

## یاسای ژمـارە ( ١٨ )ی ساڵی ٢٠٠٧
## یاسای پاشكۆی یاسای داواكاری گشتی
## ژمارە ( ١٥٩ )ی ساڵی ١٩٧٩ لە هەرێمی كوردستان ـ عێراق

**ماددەی یەكەم:**

ئەندامانی داواكاری گشتی ئەوانەی لە خزمەتكردندا بەردەوامن بە پێی پلە وپۆلین وكۆنی ئەو پۆستەی تێیدان، لە كاتی دەرچوونی ئەم یاسایە بە دادوەر دەژمێردرێن، هەمان ئەو حوكمانەی بەسەر دادوەراندا پیادە دەكرێ دەیانگرێتەوە و، هەموو ماف و تایبەتكاریەكانی دادوەرانیش دەیانگرێتەوە.

**ماددەی دووەم:**

ساڵانی خزمەتكردنی ئەندامانی داواكاری گشتی كە دەكەونە ژێر حوكمی ماددەی (١)ی ئەم یاسایە و پۆلین و پۆستەكانیان و كۆنییان ، بۆ مەبەستی پیادەكردنی حوكمەكانی یاسای دەسەڵاتی دادوەریی هەرێمی كوردستان ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەمواركراو، یا هەر یاسایەكی دیكە كە جێگای دەگرێتەوە، دەژمێردرێ.

**ماددەی سێیەم:**

ئەندامانی داواكاری گشتی ئەوانەی حوكمەكانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە لە كارەكانیان بەردەوام دەبن كە لە دەقی یاسای داواكاری گشتی ژمارە (١٥٩)ی ساڵی ١٩٧٩ ی هەمواركراو دا هاتووە.

**ماددەی چوارەم:**

كاركردن بە بڕگەكانی یەكەم ودووەم و سێیەم لە ماددەی ژمارە (١) لە یاسای داواكاری گشتی ژمارە (١٥٩)ی ساڵی ١٩٧٩ی هەمواركراو لە هەرێمی كوردستان رادەگیرێ و ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:ـ

**یەكەم:** پاراستنی سیستەمی هەرێمی كوردستان وبنچینەكانی و ماڵ وسامانی گشتی لە چوارچێوەی چاودێری مەشروعییەت و چەسپاندنی سەروەریی یاسا وچاك پیادەكردنی حوكمەكانی.

**دووەم:** بەشداریی كردن لەگەڵ دادوەریی ولایەنە پسپۆڕەكان لە ئاشكراكردنی كردنی خێرای كارە تاوانكارییەكان و كاركردن بۆ زوو یەكلاكردنەوەی كێشەكان و خۆلادان لە دواخستنی دادگایی كردنەكان بەبێ هۆ، بەتایبەتی ئەو تاوانانەی كە پەیوەندییان بە ئاسایشی هەرێم و سیستەمی دیموكراتیەوە هەیە.

ئـەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كوردستان

**ماددەی پێنجەم:**

www.mojkurdistan.com

كاركردن بە ماددەی (٤٢)ی یاساكە رادەگیرێ و ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:ـ

**يەكەم :** وەزيری داد شوێنی كاركردنی ئەندامی داواكاری گشتی دەسنيشان دەكات ئەوەش دوای دەرچوونی مەرسوومێك دەبێ كە لە سەرۆكايەتی هەرێم بە دامەزراندنی دەردەچێ.

**دووەم :** ئەندامی داواكاری گشتی دوای ئەم سوێند خواردنەی خوارەوە دەس بەكارەكەی دەكات:

**﴿ بــە خــوای گــەورە ســوێند دەخــۆم كــە كارەكــانم بــە باشــترين شــێوە و بــە هــەق وراســت ورەوان جێبــەجێ بكــەم و ياســاكان بــە تــەواوی و دەســپاكی و بــێ لايــەنی پيادەبكــەم وخوا لەوەی دەيڵێم شاهيدە﴾.**

**سێيەم:** سەرۆكی داواكاری گشتی لە بەردەم سەرۆكی هەرێم و بە ئامادە بوونی وەزيری داد سوێند دەخـوات و ئەندامانی داواكاری گشتی ديكەش سوێند لەبەردەم ئەنجومەنی دادوەری هەرێم دەخۆن.

**ماددەی شەشەم:**

كاركردن بە بڕگەی (٦) لە ماددەی (٤٩)ی ياسای ژمارە (١٥٩)ی ساڵی ١٩٧٩ی هەمواركراو ڕادەگيرێ.

**ماددەی حەوتەم:**

كاركردن بە بەكارهێنانی ئەم زاراوانەی خوارەوە لە هەرێمدا ڕادەگيرێ:

( ئامانجەكانی شۆڕش ، كەرتی سۆشياليستی،ئەنجومەنی داد ، ئەبی غرێب) و زاراوەی (رێكخراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی) جێگەی زاراوەی (ئەنجومەنە ميلليەكان و رێكخراوە كۆمەڵايەتيەكان) دەگرێتەوە كە لە ياسای ژمارە (١٥٩) ی ساڵی ١٩٧٩ی هەمواركراودا هاتووە.

**ماددەی هەشتەم:**

دەســـتەواژەی (ســـەرۆكی هـــەرێم)شـــوێنی دەســـتەواژەی (ســـەرۆك كۆمـــار) ودەســـتەواژەی (مەرســـوومی ســـەرۆكايەتی هـــەرێم) شـــوێنی (مەرســـوومی كۆمـــاری) و دەســـتەواژەی (ئەنجومـــەنی دادوەری) شـــوێنی (ئەنجومـــەنی داد) دەگرنـــەوە، لەگـــەڵ لادانـــی دەســـتەواژەی (ئەنجومـــەنی ســـەركردايەتی شـــۆڕش) لـــە هـــەر شـــوێنێك كـــە لـــە ياســـای داواكـــاری گـــشتی دا هاتبێ بۆ مەبەستی پيادەكردنی حوكمەكانی لە هەرێمی كوردستاندا.

**ماددەی نۆيەم:**

كار بەهيچ دەقێكی ياسايی يا بڕيارێك ناكرێ گەر لەگەڵ حوكمەكانی ئەم ياسايە ناكۆك بن.

**ماددەی دەيەم:**

ئەم ياسايە لە رۆژی دەرچوونيەوە جێبەجێ دەكرێ و لە رۆژنامەی فەرمی ( وەقائيعی كوردستان) دا بڵاو دەكرێتەوە.

**مەسـعود بــارزانی**
**ســەرۆكی هەرێمی كوردســتان - عێــراق**

هەولێـر
١٧ / پوشپەڕ / ٢٧٠٧ كوردی
٨ / تەموز / ٢٠٠٧ زايينی
٢٣ / جمادی الثاني / ١٤٢٨ كۆچی

ئـــــەرشيفی رۆژنامەی وەقايعی كـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆک**

**بەناوی گەلەوە**
**بڕیار**
**ژمارە ( ٢٦ ) ساڵی ٢٠٠٧**
**یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**
**بۆماوەی ٢٠٠٧/١/١ تاکو ٢٠٠٧/١٢/٣١**

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی (یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق)ی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو پێمان دراوەو، بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (٣٤ ) لە ١٨/ ٧ / ٢٠٠٧ بریارماندا بە دەرکردنی:

**یاسای ژمارە( ٢٠ )ی ساڵی ٢٠٠٧**
**یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**
**بۆ ماوەی ٢٠٠٧/١/١ تاکو ٢٠٠٧/١٢/٣١**

**ماددەی یەکەم:**

گوژمەی تەنیا(٧٨٤٧٦٦٠) (حەوت ترلیۆن و هەشت سەد و چل و حەوت ملیار و شەش سەد و شەست ملیۆن دینار بۆ ساڵی دارایی ٢٠٠٧ تەرخان دەکرێ و بەم جۆرە دابەش دەکرێ:

**یەکەم:** گـــوژمەی (٢٢٨٥٥٥٦) تەنیا ( **دوو ترلیۆن و دووسەد و هەشتا و پێنج ملیار و پێنج سەد و پەنجا شەش ملیۆن دینار**) بۆ پرۆژە سەرمایە گوزارییەکان.

**دووەم:** گــــوژمەی (٥٥١٨٢٨٧) تەنیا (**پێنج ترلیۆن و پێنج سەد و هەژدە ملیار و دوو سەد و هەشتا و حەوت ملیۆن دینار**) بۆ خەرجیەکانی کارپێکردن.

**سێیەم:** گوژمەی (٤٣٨١٧) تەنیا (**چل و سێ ملیار و هەشت سەد و حەڤدە ملیۆن دینار**) بۆ خەرجیـەکانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق.

**ماددەی دووەم:**

داهاتی بودجـەی هـەرێمی کوردسـتان بـۆ سـاڵی دارایـی ٢٠٠٧ لـە سـەرجەم خەرجییـەکانی بودجـەی فیدراڵی (٥٩٨٢٣٥٦) تەنیا (پێنج ترلیۆن و نۆسەد و هەشتا و دوو ملیار و سێ سەد و پەنجا و شەش ملیۆن دینار) دەخەملێندرێ.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**ماددەی سێیەم:**

وەزارەتی دارایی هەرێمی كوردستان ـ عێراق پارەی حساباتی وەزارەتەكان و فەرمانگەكان بە پێی داهاتی دارایی دەسكەوتوو دەگرێتە ئەستۆ.

**ماددەی چوارەم:**

سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عیراق بۆی هەیە گوێزانەوە لە ناو بودجەی تایبەت بە ئەنجومەن بكات.

**ماددەی پێنجەم :**

**یەكەم:** وەزیری دارایی دەسەلاَتی ئەوەی هەیە گوێزانەوە لە نێوان پارە تەرخانكراوەكانی یەك دەروازەدا بكات جگە لە فەسڵی مووچەكان، كە دەشێ بۆی بگوێزرێەوە و نابێ لێی بگوێزرێتەوە.

**دووەم:** نابێ گوێزانەوە لە نێوان تەرخانكراوەكانی گەشەپێدان لە نێوان پارێزگاكاندا بكرێ.

**ماددەی شەشەم:**

وەزیری دارایی بۆی هەیە گوێزانەوە بكات لە نێوانی پارەی تەرخانكراو بۆ مەبەستی فەراهەمكردنی توانای خەرج كردن بۆ ئەو فەرمانگانەی كە بڕیاری لێك كردنەوەیان لە وەزارەتێك وخستنیان بۆ سەر وەزارەتێكی تر دەدرێ و وەزیری پەیوەندیدار، بۆی هەیە گوێزانەوە لە چوارچێوەی یەك فەسڵ و یەك یەكەی خەرج كردن بكات.

**ماددەی حەوتەم:**

وەزیری دارایی دەستەلاَتی پێدەدری بۆ خستنە سەری پارەی تەرخانكراوی گشتی پەسند كراو بۆ بودجەی ساڵی دارایی ٢٠٠٧ بەڕێژەی ١٪ لە سەرجەم تەرخانكراوە پەسند كراوەكانی بودجە بۆ ئەم مەبەستانەی خوارەوە:

**یەكەم:** تەرخانكردنی گوژمە پارەی پێویست بۆ بودجەكانی فەرمانگە نوێیەكان لە ماوەی ساڵی دارایی ٢٠٠٧ دا.

**دووەم:** تەرخانكراوی نوێ بخاتە سەر بودجەی وەزارەت و فەرمانگەكان بۆ حاڵەتە ناكاوییەكان كە ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری لەسەر دەدات.

**ماددەی هەشتەم:**

وەزارەتی دارایی بە هەماهەنگی كردن لەگەڵ وەزارەتەكانی دیكەدا ووردەكاریی میلاكەكانی هەموو وەزارەتەكانی هەرێمی كوردستان ـ عیراق بۆ ساڵی دارایی ٢٠٠٧ ڕێك دەخات و لەبەر رۆشنایی كولفەی مووچە پەسندكراوەكان لە بودجەدا پەسندیان دەكات.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كوردستان
www.mojkurdistan.com

**مـاددەی نۆیەم:**

**یەكەم:** دەبێ وەزیری دارایی رێنمایی پێویست دەربچوێنێ بۆ دانانی سنوورێك بۆ دەستەلآتی خەرج كردن بۆ فەرمانگەكانی حكومەت لە ماوەیەك كە دوو هەفتە لە مێژووی دەرچوونی ئەم یاسایە.

**دووەم:** وەزیـری دارایـی هـەر سـێ مـانگ جارێـك راپۆرتێـك لەسـەرباری دارایـی پێـشكەش بـە ئەنجومـەنی نیشتمانیی كوردستان ـ عیراق دەكات.

**ماددەی دەیەم:**

**یەكـەم:** وەزیـری پەیوەندیـدار دەسـتەلآتی خـەرج كردنـی گوژمەیـەك لـە( ٢٥٠) ملیـۆن دینـار زیـاتر نـەبێ بـۆ هـەر حالـەتێك هەیـە و بۆیـشی هەیـە دەسـتەلآت بداتـە سـەرۆكی فەرمانگـەكانی سـەر بـە وەزارەت بۆ خەرج كردنی گوژمەیەك لە(١٠٠)سەد ملیۆن دینار زیاتر نەبێ.

**دووەم:** سـەرۆكی فەرمانگـەكانی نەبەسـتراو بـە وەزارەت دەسـتەلآتی خـەرج كردنـی گوژمەیـەكی هەیـە لـە(١٥٠) سـەدو پـەنجا ملیـۆن دینـار زیـاتر نـەبێ بـۆ هـەر حالـەتێك لەگـەڵ رەچـاوكردنی خـۆ نەخـستنە نـاو هـیچ ئیلتیزامێـك كـە پـشتیوانەی تەرخانكراوی لە بودجەدا نەبێ.

**ماددەی یازدەم:**

گوژمـە پـارەی پیتاكـەكان كـە بـە وەزارەتـەكان و لایەنـە نەبەسـتراوەكان بـە وەزارەت بەخـشراون دوای ئـەوەی كـە لەلایـەن وەزیـری داراییـەوە قـەبوول دەكـرێن بـە داهـاتێكی كۆتـایی بـۆ بودجـەی گـشتی تۆمـار دەكـرێن، بـە مـەرجێك وەزیـری دارایـی لـە پـشتیوانەی تـەرخانكراوی وەزارەت یـا لایەنـە نەبەسـتراوەكان بـە وەزارەت تـەرخانی بكات تاكو بۆ ئەو مەبەستەی كە لە پێناویدا بەخشراوە خەرج بكرێت.

**ماددەی دوازدەم:**

وەزیری دارایی بۆی هەیە رێنمایی پێویست دەربچوێنی بۆ ئاسانكاریی حوكمەكانی ئەم یاسایە.

**ماددەی سێزدەم:**

ئـەم یاسـایە لـە رۆژنامـەی فـەرمی ( وەقـائیعی كوردسـتان ) دا بلأودەكرێتـەوەو لـە رۆژی (٢٠٠٧/١/١)ەوە كاری پێ دەكرێ.

**مسعود بارزانی**

**سەرۆكی هەرێمی كوردستان-عێراق**

هەولێر

٤/ خەرمانان / ٢٧٠٧ كوردی

٢٦ / تەمووز / ٢٠٠٧ زاینێ

١٢/ رجب / ١٤٢٨ كۆچی

ئـەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كـوردستان
www.mojkurdistan.com

**كۆمەڵەی نمـای لاوانی كوردستان**

**ژمــاره : ٢٥**

**ڕێكەوت : ١٣ / ٥ / ٢٠٠٧**

ئامـــاژه بـــه مـــاددەی ( ٧ و٨ ) لـــه یاســـای كۆمەڵـــەكان ژمـــاره (١٨) ســـاڵی ١٩٩٣ ئەنجومـــەنی نیـــشتمانی كوردســـتان — عێـــراق، مۆڵـــەتمان وەرگـــرت لـــه وەزارەتـــی نـــاوخۆ بـــه نوســـراوی ژمـــاره ﴿ ٤٠٥/١٨٤٤ ﴾ لـــه ڕێكـــەوتی﴿ ٢٠٠٦/٢/١٦ ﴾دا بۆیـــه ڕژێمـــی نـــاوخۆی كۆمەڵەكەمان بەم شێوەی خوارەوە دەبێت:

## پەیـڕەوی ناوخـۆ

**بەنـدی یەكـەم :**

نـاوی كـۆمـەڵـە:

**كۆمـەڵـەی نمـای لاوانی كـوردسـتـان**

به **نما** ئاماژەی پێدەكرێت. نما له زمانی كوردیدا مانای (گەشه)

سنوری چالاكیەكانی كۆمەڵە له گشت شار و شارۆچكەكانی كوردستاندا دەبێت

**بەنـدی دووەم :**

ئـازادی ، نوێـگـەری ، داهێـنـان

**بەنـدی سـێـیـەم:**

## پێناســـەی ئـارم

ئاڕمی كۆمەڵە بریتیه لـه (بازنه،نەخـشەی كوردسـتانی گـەوره، دەسـتێك، پـەرتوكێك، ڕەنگـی خـاكی و شین) بازنه به مانای گۆی زەوی، نەخشەی نیوبازنەكه نەخشەی كوردستانی گەوره، دەستی نێونەخـشەكەو پەڕتوكەكەش دەستوو پەیامی لاوان دەگەیەنێت، ڕەنگی خاكیش ڕەنگی خاكی كوردستانه ڕەنگـی شـینیش بۆ ئامانج بەكار دێت)

ئـازادی بیروبیركردنـەوه بنـەمای ڕەخـساندن و كردنـەوەی كـۆتی فكـره، نوێگـەریش نـوێ بونـەوەی كۆمەلگایه لەبیركردنەوەو توانا، بەهرەوداهێنانیش

ئەودەسكەوتەوسـەرمایه ڕمـزی و گەوهەریانەدەگریتـەوه لـه بزوتنـەوەی زانـست وبـەهرەی و توانـای جۆراوجۆر جۆرەكانی لاوان خۆیان كەبه دەستی دێنن.

## پێناسـەی گشـتی كـۆمـەڵــه

كۆمەڵەیـەكی مـەدەنی سـەربەخۆیه تێدەكۆشـێت بـۆ هێنانـەدی بـەهرەو خولیاكـانی لاوان بـه گـشتی بـێ جیـاوازی و بیروبۆچـونی نەتـەوەی و،سیاسـی، ورگـەزی، خـەبات دەكـات

ئـــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كـــوردستان
www.mojkurdistan.com

بۆنەهێشتنی ئەو بەربەستو کۆسپانەی کەمەودای ئازادی لاوانە بەرتەسك کردۆتەوە، هەروەها ستراتیژی ئیش کردنە بۆ گەرانەوەو وەرگرتنەوەی متمانی لاوان بە عەقلٚ وبیری خۆیان ، بە گیانێکی نوێ لاوان پەروەردە دەکات

## دروشمەکانی کۆمەلٚە

**نوێگەری**

**ئازادی بیر**

**داهێنان**

### بەندی یەکەم

١. بەرەوپێش بردنی پرۆسەی مەدەنیەت لە بواری کۆمەلاٚیەتی دا و چاکسازی کردنی کەلتوری کۆمەلگا لە سەر شێوازێکی هاوچەرخ.
٢. بڕووابون بە هەموومافەکانی لاو و بوژانەوەی ئەوسەرچاوانەی ئەبنە پالٚپشت بۆ خزمەتکردنی لاو .
٣. قبولٚکردنی نوێگەری بەدیوە روناکەکەی دا.
٤. بڕوابون بە مافەکانی ژنان و ئیش کردن بۆ کەم کردنەوەی جیاوازیە کۆمەلاٚیەوتی و سیاسی و ئابوریەکان لەگەلٚ پیاودا.
٥. فشارهێنان بۆ دەولٚەت بۆگەرانەوە و وەرگرتنەوەی مافە لەبیر کراوەکانی لاو یان ئەو لاوانەی دابراون لە عەقلٚی سیاسی سەردەم یان دابراون لە ئاراستەی نوێ.
٦. سەر لە نوێ تەفسیرکردنەوەی ئەو حیکایەتانەی کە پاشخانی رۆشنبیری کوردی پێی دەولٚەمەند دەبێت.
٧. پەروەردەکردن و پێدانی ئەو تێزانە بە عەقلٚی لاو کە بنەمای شۆرشی کورد بۆ رزگاری باوەڕی پیٚ هێناوە لە بواری نەتەوەیدا.
٨. قبولٚ کردن و هێنانی هەرچەمکێکی تازە کە لەگەلٚ شەپولٚی نوێگەری جیهاندا هاوئاهەنگ بیٚ بۆ سەربەستیکردنی لاو.
٩. ئیشکردن بە چەمکی فیمینیزم و کارکردن بۆسەر بەخۆکردنیان و رزگارکردنیان و هەلٚوەشانەوەی ئەو دیوارانەی کە رێگای ئازادی ژنان کوردیان گرتوە لە بواری کۆمەلاٚیەتی وئاینی و ئابوری و سیاسی دا .
١٠. خزمەتکردنی لاو بە تازەترین ئالیەتی تەکنەلوژیا بۆ پێشخستنیان لە بواری کۆمەلاٚیەتی و ئابوری و سیاسیدا.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

١١. پەيوەنـــدی دڵـــسوزانە لـــە گـــەڵ هەركـــەس و ڕێكخـــراو وحيزبێكـــدا كـــە خزمـــەت بـــە دۆزی ڕەوای لاوان بكات.

١٢.هەڵوێـــست وەرگـــرتن لـــە هـــەر تـــاقم و ئايـــديا و كۆمـــەڵێك بـــەناڕەواو ئيدانـــەكردن و ڕسواكردن كە دەست درێژی بۆ مافەكانی لاوان بكات بە ناڕەوا.

١٣. لێكوڵينـــەوەوە و بەدواداچـــون بـــۆ وەرگرتنـــەوەی مـــافی لاوان لـــە لايـــەن دەوڵتـــەوە لـــەڕوی ياسای و سياسی و كۆمەڵايەتيەوە.

١٤چـــاودێری كردنـــی دام ودەزگاكـــانی حوكمـــەت لـــە گەنـــدەڵی و كـــەموكوڕی كارمەنـــدانی لـــە بواری جێبەجێكردنی فەرمانەكاندا.

١٥.پەيوەنـــدی بەســـتن لەگـــەڵ رێكخـــراوە نێونەتەوەييـــە جيهانيەكانـــدا وەكـــو پردێـــك بـــۆ ناردنـــە دەرەوەو پـــشتگيری كردنـــی ئـــەو لاوانـــەی بـــە مەبەســـتی خوێنـــدن يـــان بـــۆ هـــەر كارێكی ڕۆشنبيری ڕولەدەرەوەی وولات بكەن .

ئـــــەرشيفی ڕۆژنامەی وەقايعی كـــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

بسم اللّه الرحمن الرحيم

**إقليم كوردستان – العراق**
**رئاسة الأقليم**
**الرئيس**

## بأسم الشعب
## قرار
## رقم (٢٤) لسنة ٢٠٠٧
## قانون ملحق قانون الإدعاء العام

وفقاً للصلاحيات الممنوحة لنا في الفقرة الأولى من المادة العاشرة لقانون رئاسة إقليم كوردستان – العراق رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ المعدل و بناءاً على ما شرعه المجلس الوطني لكوردستان – العراق في جلسته المرقمة (٢٩) في ٢٠٠٧/٦/٢٧ قررنا إصدار :

## قانون ملحق قانون الإدعاء العام
## رقم (١٥٩) لسنة ١٩٧٩
## في اقليم كوردستان ـ العراق

**المادة الاولى:**

يعد أعضاء الإدعاء العام المستمرون في الخدمة حكاماً وفق الدرجات والصنوف والأقدمية والمناصب التي هم عليها عند صدور هذا القانون وتسري عليهم الأحكام التي تسري على الحكام ويتمتعون بجميع حقوق الحكام وامتيازاتهم.

**المادة الثانية:**

تحتسب سنوات خدمة أعضاء الإدعاء العام المشمولون بحكم المادة (١) من هذا القانون ، وأصنافهم ومناصبهم وأقدميتهم لأغراض تطبيق أحكام قانون السلطة القضائية لاقليم كوردستان رقم (١٤) لسنة ١٩٩٢ المعدل أو أي قانون آخر يحل محله.

**المادة الثالثة:**

يستمر أعضاء الإدعاء العام المشمولون بحكم هذا القانون بأداء مهامهم المنصوص عليها في قانون الإدعاء العام رقم (١٥٩) لسنة ١٩٧٩ المعدل.

**المادة الرابعة:**

ئەرشيفى رۆژنامەى وەقايعى كوردستان

يوقف العمل بالفقرات أولاً وثانياً وثالثاً من المادة رقم (١) من قانون الإدعاء العام رقم (١٥٩) لسنة ١٩٧٩ المعدل في اقليم كوردستان ويحل محلها ما يلي:ـ

www.mojkurdistan.com

**أولاً:** حماية نظام اقليم كوردستان وأسسه والأموال العامة في اطار مراقبة المشروعية وترسيخ سيادة القانون وسلامة تطبيق أحكامه.

**ثانياً:** الإسهام مع القضاء والجهات المختصة في الكشف السريع عن الأفعال الجرمية والعمل على سرعة حسم القضايا وتحاشي تأجيل المحاكمات بدون مبرر لاسيما الجرائم التي تمس أمن الاقليم ونظامه الديمقراطي.

**المادة الخامسة:**

يوقف العمل بالمادة (٤٢) من القانون ويحل محلها مايلي:-

**أولاً:** يحدد وزير العدل محل عمل عضو الإدعاء العام ، بعد صدور مرسوم من رئاسة الاقليم بتعيينه.

**ثانياً:** يمارس عضو الإدعاء العام عمله بعد أدائه اليمين الآتية:-

**﴿ أقسم بالله العظيم أن أقوم بأداء واجباتي على أحسن وجه وبالحق والعدل وأن أطبق القوانين بأمانة ونزاهة وحياد والله على ما أقول شهيد﴾.**

**ثالثاً:** يؤدي رئيس الإدعاء العام اليمين أمام رئيس الاقليم بحضور وزير العدل ويؤدي أعضاء الإدعاء العام الآخرون اليمين أمام مجلس القضاء في الاقليم.

**المادة السادسة:**

يوقف العمل بالفقرة (٦) من المادة (٤٩) من القانون رقم (١٥٩) لسنة ١٩٧٩ المعدل.

**المادة السابعة:**

يوقف العمل باستخدام المصطلحات التالية في الاقليم ( أهداف الثورة ، القطاع الاشتراكي ، مجلس العدل ، أبي غريب) كما ويحل مصطلح (منظمات المجتمع المدني) محل مصطلح (المجالس الشعبية والمنظمات الاجتماعية) الواردة في القانون رقم (١٥٩) لسنة ١٩٧٩ المعدل.

**المادة الثامنة:**

تحل عبارة (رئيس الاقليم) محل عبارة (رئيس الجمهورية) وعبارة (مرسوم رئاسة الاقليم) محل عبارة (مرسوم جمهوري) وعبارة (مجلس القضاء) محل عبارة (مجلس العدل) مع حذف عبارة (مجلس قيادة الثورة) أينما وردت في قانون الإدعاء العام لغرض تطبيق أحكامه في اقليم كوردستان.

**المادة التاسعة:**

لا يعمل بأي نص قانوني او قرار يتعارض مع أحكام هذا القانون.

**المادة العاشرة:**

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ إصداره وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**مسعود البارزاني**
**رئيس اقليم كوردستان ـ العراق**

ئەرشيفی ڕۆژنامەی وەقايعی كوردستان

هەولێر

١٧ / پوشپەڕ / ٢٧٠٧ كوردية

www.mojkurdistan.com

٨ / تموز / ٢٠٠٧ ميلاديـة

٢٣ / جمادى الثاني / ١٤٢٨ هجريـة

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**إقليم كوردستان – العراق**
**رئاسة إلاقليم**
**الرئيس**

**باسم الشعب**
**قرار**
**رقم ( ٢٦ ) لسنة ٢٠٠٧**

**قانون موزانة أقليم كوردستان ـ العراق**
**للفترة من ٢٠٠٧/١/١ لغاية ٢٠٠٧/١٢/٣١**

وفقا للصلاحيات الممنوحة لنا في الفقرة الأولى من المادة العاشرة لقانون رئاسة إقليم كوردستان – العراق رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ المعدل و بناءاً على ما شرعه المجلس الوطني لكوردستان – العراق في جلسته المرقمة ( ٣٤ ) في ١٨/ ٧ / ٢٠٠٧ قررنا إصدار:

**قانون رقم (٢٠ ) لسنة ٢٠٠٧**
**قانون موازنة اقليم كوردستان ـ العراق**
**للفترة من ٢٠٠٧/١/١ لغاية ٢٠٠٧/١٢/٣١**

**المادة الاولى:**

يرصد لنفقات السنة المالية /٢٠٠٧ مبلغ قدره (٧٨٤٧٦٦٠) فقط ( سبعة ترليون وثمانمائة وسبعة واربعون ملياراً وستمائة وستون مليون دينار) ويوزع كالآتي:

**أولاً:** مبلغ قدره (٢٢٨٥٥٥٦) فقط ( ترليونان ومائتان و خمسة و ثمانون ملياراً و خمسمائة و ستة و خمسون مليون دينار) لنفقات المشاريع الرأسمالية.

**ثانياً:** مبلغ قدره (٥٥١٨٢٨٧) فقط ( خمسة ترليون و خمسمائة و ثمانية عشر ملياراً و مائتان و سبعة و ثمانون مليون دينار) للنفقات التشغيلية.

**ثالثاً:** مبلغ قدره (٤٣٨١٧) فقط ( ثلاثة و اربعون ملياراً و ثمانمائة و سبعة عشر مليون دينار) لنفقات المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق.

**المادة الثانية:**

تقدر ايرادات موازنة اقليم كوردستان للسنة المالية ٢٠٠٧ من اجمالي نفقات الموازنة الفدرالية (٥٩٨٢٣٥٦) فقط (خمسة ترليون وتسعمائة واثنان وثمانون ملياراً وثلاثمائة وستة وخمسون مليون دينار).

**المادة الثالثة :**

تتولى وزارة المالية لاقليم كوردستان العراق تمويل حسابات الوزارات والادارات وفق الموارد المالية المتاحة.

**المادة الرابعة:**

لرئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق اجراء المناقلة ضمن الميزانية الخاصة بالمجلس.

سەرۆكایەتی ڕۆژنامەی وەقایعی كوردستان

**المادة الخامسة:**

www.mojkurdistan.com

**أولاً:** يخول وزير المالية صلاحية المناقلة بين اعتمادات الباب الواحد باستثناء فصل الرواتب حيث يجوز النقل اليه ولا يجوز النقل منه.

**ثانياً:** لا يجوز اجراء المناقلة بين تخصيصات التنمية بين المحافظات.

**المادة السادسة:**

لوزير المالية اجراء المناقلة بين اعتمادات ابواب الميزانية لاغراض توفير امكانيات الصرف للأدارات التي يتقرر فك ارتباطها من وزارة والحاقها بوزارة اخرى وللوزير المختص اجراء المناقلة ضمن الفصل الواحد ووحدة الصرف الواحدة.

**المادة السابعة:**

يخول وزير المالية اضافة الاعتمادات الاجمالية المصدقة للميزانية للسنة المالية ٢٠٠٧ بنسبة (١٪) من اجمالي الاعتمادات المصدقة للميزانية للأغراض التالية:

**أولاً:** اعتماد المبالغ اللازمة لميزانيات الادارات المستحدثة خلال السنة المالية ٢٠٠٧.

**ثانياً:** اضافة اعتمادات جديدة في ميزانيات الوزارات والادارات للحالات الطارئة والتي يقررها مجلس الوزراء.

**المادة الثامنة:**

تتولى وزارة المالية بالتنسيق مع الوزارات الاخرى اعداد مفردات ملاكات جميع الوزارات لاقليم كوردستان العراق للسنة المالية ٢٠٠٧ والمصادقة عليها وعلى ضوء كلف الرواتب المصدقة في الميزانية.

**الماده التاسعه:**

**أولاً:** على وزير المالية اصدار التعليمات اللازمة لتحديد صلاحيات الصرف للادارات الحكومية خلال فترة لا تتجاوز اسبوعين من تاريخ اصدار هذا القانون .

**ثانياً:** يقدم وزير المالية تقريراً عن الوضع المالي الى المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق كل ثلاثة أشهر.

**المادة العاشرة:**

**أولاً:** للوزير المختص صلاحية الصرف بما لا يزيد على (٢٥٠) مليون دينار عن كل حالة وله تخويل رؤساء الدوائر التابعة لوزارته بصرف ما لا يزيد على (١٠٠) مائة مليون دينار.

**ثانياً:** لرؤساء الدوائر غير المرتبطة بالوزارة صلاحية الصرف بما لا يزيد على (١٥٠) مائة وخمسون مليون دينار لكل حالة مع مراعاة عدم الدخول بالتزامات دون وجود اعتمادات في الموازنة.

**المادة الحادية عشرة:**

تقيد مبالغ التبرعات الممنوحة للوزارات والجهات غير المرتبطة بالوزارة بعد قبولها من قبل وزير المالية، ايراداً نهائياً للميزانية العامة على أن يقوم وزير المالية بتخصيصها من اعتمادات الوزارة أو الجهات غير المرتبطة بالوزارة لصرفها على الاغراض التي منحت من أجلها.

**المادة الثانية عشرة:**

لوزير المالية اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

**المادة الثالثة عشرة:**

ينشر هذا القانون في الجريدة الرسمية وقائع كوردستان ويعتبر نافذاً اعتباراً من٢٠٠٧/١/١.

**مسعود البارزاني**
**رئيس إقليم كوردستان- العراق**

**هەولێر**
**٤/ خەرمانان/ ٢٧٠٧ كوردية**
**٢٦ / تموز / ٢٠٠٧ ميلادية**
**١٢/ رجب / ١٤٢٨ هجرية**

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com